هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوەو بەدواداچون

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

Kurdistan Regional Government – Council of Ministers
Ministry of Finance and Economy

ژمارە: ٣٣٢
(٢٧٢٠) کوردی
ڕێکەوت: ١٧/ ١ /٢٠٢١

گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٢ )

بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

ب / ڕوونکردنەوە

به مەبەستی چۆنیەتی خەرج کردن بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکان لە وەزارەت و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٠١٨ لە ٢٠١٤/٢/١١ و ئاماژە بە گشتاندنمان ژمارە (١) ی ساڵی /٢٠٢٠ و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێ ی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٢٥ بە نووسراویان ژمارە /٦٢٦٤ لە ٢٠١٤/١٠/١٢ ، بڕیاردرا بە جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجییەکانی (فیعلی) ساڵی /٢٠٢٠ لە سەر ئاستی (فصل) تاکو پەسەندکردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی /٢٠٢١ :-

١-خەرج کردنی پێشینەی بەردەوام (نثرية) ی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دوای نوێکردنەوەی پێشینە بەردەوامەکانیان لە لایەن وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە ( ١٤ , ٢٩ ) ی ساڵی ٢٠٢٠.

٢- خەرج کردنی کرێ ی ئاو و کارەبا و تەلەفونی نۆرماڵ بۆ ساڵانی پێشوو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بەپێ ی پسوولەکانی ڕەسەن و تاکو بتوانرێت لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت و لە حاڵەتێکدا نەتوانرا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت ، لە لایەن گەنجینەکانەوە خەرج دەکرێت واتا لە سەر بوودجەی فەرمانگەی پەیوەندیدار.

٣- دابین کردنی کەل و پەلی زۆر پێویست و گرنگ (اثاث و اجهزة) لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە بە پێ ی پێداویستی فەرمانگە کە .

٤- پارەی مانگانەی پاککردنەوە و خواردنی نەخۆشخانەکان و خواردنی بەندیەکان و خاوێنکردنەوەی شار و شارۆچکەکان و فڕۆکەخانەکان و کرێ ی ئۆتۆمبێل و خانو و باڵەخانە بە جیا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەکان خەرج دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە داراییەکانی تایبەت بەم بابەتانە بە مەرجێك لە کاتی پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی /٢٠٢١ و دابەشکردنی ، تەرخانی بۆ دابنرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە .

٥- ڕاگرتنی سەرجەم پاداشت و هاوکارییەکان جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرە بەڕێزەکان کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٥٧٤٣ لە ٢٠١٤/٩/١١ و بە نوو سراومان ژمارە /٨٠٩١ لە ٢٠١٤/٩/٢٨ گشتاندنی بۆ کراوە .

آگه يانيدا

ژمارە: (٢٧٢٠) کوردی رێکەوت: / /٢٠٢١

٦- هەر پرۆژەیەك کە لە چوار چێوەی بوودجەی ئاسایی جێ بەجێ بکرێت وەکو (خواردن/ پاککردنەوە / خاوێن کردنەوەی شار و شارۆچکەکان / خاوێن کردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان کە ژمارەی قوتابیانیان لە (٢٠٠) دوو سەد قوتابی زیاتر و کرێی گواستنەوەی ئارد و ئازوقەی مانگانە و چاککردنەوەی ئامێرەکان .... هتد ) دەبێت رەزامەندی وەزارەتمان / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری هەبێت بە مەبەستی تەرخان کردنی بڕی پارەکان و دواتر پرۆسەی ئاگادار کردنەوە و تەندەرینی بۆ ئەنجام درابێت بە پێ ی رێنماییە کارپێکراوەکان و بە پێچەوانەوە وەزارەتمان بەرپرسیار نابێت لە خەرج کردنی .

٧- لێژنەی کرین :-

أ- تاکو بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بە بێ لێژنەی کرین .

ب-لە بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر و تاکو بڕی (٢٥٠٠٠٠٠) تەنها دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار لە رێ ی لێژنەی کرین .

ج- لە بڕی (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر و بۆ بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) تەنها سەد ملیۆن دینار لە رێ ی لێژنەی کرین و بە هەبوونی (٣) دەرخستە (عرض) .

د- لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار بەسەرەوە لە رێ ی کەم گەریەوە (مناقصة) ئەنجام دەدرێت بە رەچاوکردنی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی /٢٠١٦ وەزارەتی پلان دانان تایبەتە بە گرێبەستە گشتییەکانی حکومەت .

٨- نابێت هیچ خەرج کردنێك لە سەر داهاتە ناوخۆییەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانیان بکرێت کە بەپێ ی یاسا داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە بە پێ ی رێنماییمان ژمارە ( ١٤ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو داهاتانە بۆ دابینکردنی سیولەی نەختینەیی (نقدي) جگە لەو حاڵەتانەی کە بەپێ ی فەرمانی بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لە سەری دراوە .

٩- وەزارەتمان هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی بۆ هەر خەرجییەك کە دەکرێت لە دەرەوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە بێت وەکو (گرێبەست کردن و کرین و ... هتد) کە رەزامەندی پێش وەختەی وەزارەتمانی نیە و وەزارەتمان بەرپرس نابێت لە سەر خەرج کردنی .

١٠- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٠٩٤ لە ٢٠١٤/٢/١٣ ، نابێت بە بێ رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ فەرمانبەرێك شاند و سەفەری دەرەوەی وولات بکرێت و وەزارەتمان بە پێچەوانەی سەرەوە هیچ پابەندبوونێکی دارایی ناکەوێتە ئەستۆی و لەهەمان کاتدا بۆ ئەو شاندانەی کە بە رەزامەندی بەرێزیان بۆ دەرەوەی وولات دەکرێت شایستە داراییەکانیان لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان خەرج بکرێت بەبێ رەزامەندی وەزارەتمان ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا لە چوارچێوەی پێشینەی

هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

Kurdistan Regional Government – Council of Ministers
Ministry of Finance and Economy

ژمارە: (٢٧٢٠) كوردی رێکەوت: / / ٢٠٢١

مانگانە خەرج بکرێت دەبێت بە رەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / خەرجییەکان خەرج بکرێت .

١١- بە مەبەستی بە کرێ گرتنی ئۆتۆمبێل کار بە ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی /٢٠١٨ بکرێت بە رەچاوکردنی سەرجەم برگە و خاڵەکانی .

١٢- ئەو خەرجییانەی بەپێ ی ڕێنماییەکانی داراییمان ژمارە (٧ ساڵی /٢٠١٥ و ٦ - ٨ ساڵی / ٢٠١٦) راستەوخۆ دوای وردبین کردنیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکانەوە شایستە داراییەکانیان بۆ خەرج دەکرێت .

١٣- هەر خەرجییەك کە داوا دەکرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرخستەکان جیا بکرێتەوە (دەرخستەی ئەندازەیی کڕینی کەل و پەل و چاکردنەوەکان) کە هەریەك بە جیا , بە تەنها بە سیستەمی ئۆن لاین (IIS)ئاراستەی وەزارەتمان بکرێت بە روونی پەسەند کراوبێت و وردبینی بۆ کرابێت .

١٤- ئەو خەرجیانەی لە لایەن وەزارەتمانەوە رەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر بوودجەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان زیاد بکرێت بە هاوتایی زیادکردنی تەرخانکردنی ڕێژەی (١/١٢) خەرجی فیعلی ساڵی /٢٠٢٠ .

١٥- لە کاتی زیادکردنی پێشینەی مانگانەی هەر فەرمانگەیەك لە لایەن وەزارەتمان بڕی زیاد کراو لە پێشینەی مانگانە زیاد دەکرێت لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجی فیعلی ساڵی/ ٢٠٢٠ و لە سەر کۆی گشتی ئاستەکان (فصل) نابێت تێپەربکات ، بەدەر لە ئاستی مووچە (فصل الراتب) و لە ڕێکەوتی زیادکردنی پێشینەکە بۆی هەژماردەکرێت .

١٦- دەبێت لە کاتی پەسەندکردنی بوودجە بۆ ساڵی / ٢٠٢١ رەچاوی زیادکردنی خاڵەکانی (٢ و ٣) ی سەرەوە بکرێت .

١٧- ئەگەر هاتوو لە سەر ئاستی (فەصلەکان) تێ پەربوون هەبوو (تجاوز) ئەو کات لە سەر کۆی گشتی ئاستەکان (فصلەکان) هەژمار بکرێت .

١٨- جگە لە خاڵی (١ و ٢ و ٣ , ١١ ) ی سەرەوە هەر خەرجییەکی تر کە داوا دەکرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە رەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢١/١/

ژمارە: (٢٧٢٠) کوردی رێکەوت: / /٢٠٢١

وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والاقتصاد

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .

پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ رێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کودرستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەرێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی راوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ٢ , ١ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- سیستەم / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دوسیەی سوراو .

سانا